ZAGROS WEBSITE www.zagros.org www.zagros.ws پێگەی زاگرۆس

## تەعقیب لەسەر هەواڵی

## لەگوندی ئەحمەد ئاوا فەرماندەییەكی (ی.ن.ك) بەردباران دەكرێ

**دیدەوان هەورامی**

كاك سەرتیب هەورامی شتێكی نووسیوە لەبارەی بەردبارانكردنی بارەگای فەرماندەیی پێشمەرگەی یەكێتی لە ئەحمەد ئاوا. ئەمەش وردەكاریی دیكەی هەواڵەكەیە:

ئاسایشی خورماڵ باوەڕیان بەو ڕووداوەی بەردبارانكردنە نەبوو، شەوانەش دەگەڕان بۆ چاودێری. شەوی جومعەی ٤/٣ی‌ئابی ٢٠٠٤ خەڵكی ئەحمەد ئاوا بڕیاریان دا لە مزگەوتێك كۆبنەوەو قسە لەسەر ئەم شتە بكەن. لە كۆبوونەوەكەدا سەرزەنشتی سەرۆك ئەنجوومەنی ئەحمەد ئاوا كرا كە یەكێتی دایناوە پاش ئەوەی ئیسلامییەكان ناوچەكەیان چۆڵ كردو سەرۆك شارەوانییە هەڵبژێردراوەكەی لابرد.

كەسێكیش لە كۆبوونەوەكە هەڵساو وتی من پێش تۆ یەكێتی بوومو پلەم لەتۆ بەرزترە بەڵام نامەت بۆ نەناردم تا لەم كۆبوونەوەیە ئامادە بم لەبەر ئەوەخۆم بەزۆر هاتمو پێت دەڵێم كەس لێرەدا تۆی ناوێ . ئینجا پرسیار لە خەڵكەكە دەكات: خەڵكینە ئەوتان دەوێ؟ ئەوانیش دەڵێن نەخێرنامانەوێ. خەڵكەكە سووربوون لەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەن. كابراش دیفاع لەخۆی دەكات و دەڵێ: مودیر ناحیە منی داناوەو دەبێ ئەو ئاگادار بێ.

پاشان خەڵكەكە بڕیاریان دا داوا بكەن فەرماندەیی لەو شوێنەدا نەمێنێ و شوێنەكە بكرێتە دواناوەندی. پاش كۆبوونوەكە خەڵكەكە كەوتنە قسەو پێشبینییان كرد شەوی داهاتوو شتێك ڕوودەدات.

شەوی دواتر فەرماندەیی شڵەژاو كەمینی دەركردو نوێنەریان بۆ خورماڵ ناردو وتیان دیسان بەردباران كراوین.